


# هێندستان ئالگۆیی سەرکەوتنی ئەزموونی دیموکراسی لە باشووری ئاسیا

پارێزەر / هەڵکەوت حیکمەت مەلاعلی
سوێد

لە گرنگترین ئەنگیزەکانی ئەم بابەتە ئەوەیە کە

هەندێک لە دەوڵەتان لە بواری سیاسی و حکومی دا و  لە پێناو گەیشتن بە سەباتی سیاسی و گەشەسەندن و پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتووری خاوەن ئەزموون گەلێکی پەڕ بەهان کە بە تێ پەڕبوونی زەمان توانیویانە بە دەستی بهێنن.
بۆ ئەوەی هەر وولاتێک بتوانێت بگات بە جۆرێک لەو دامەزراوە دیموکراسی و سیاسیانە پێویستە ئاشنایەتییەک هەبێت لە گەل ئەو جۆرە دەوڵەتانەدا کە لە ڕووی کەلتووریەوە تا ڕادەیەک هاونزیک بۆنەوەیک هەیە و توانیویانە ئەزموونێکی سەرکەوتووی دیموکراسی پیادە بکەن وە تا ڕادەی توانا بتوانرێت سوود لە ئەزموونەکەیان وەربگیرێت. ئەمڕوکە عێراقی نۆی بە قۆناغێکی هەستیارو گرنگ دا تێ دەپەڕێت کە ئەویش نوسینەوەی دەستووری هەمیشەیە بۆ عێراق. ئەو دەستوورەی کە دەبێتە بەڵگەنامەیەکی نوسراو وە جۆری سیستەمی سیاسی  و چۆنیەتی مۆمارەسەکردنی دەسەلات و  سیستەمی سیاسی لە وولاتدا دیاری دەکات. ئایا گەلانی عێراق و یاساناس و سیاسەت کارەکانی تا چەند دەتوانن سوود لە ئەزموونی ئەو گەلانەی کە مێژوو پێشینەیکی دەولەمندیان هەیە لەم بوارەدا وەربگرن چ ڕوژئاوایەکان یان ئاسیاویەکان نمونەیان هێندستان کە لەم نوسینەدا ئاماژەی بۆ دەکەین. یەکێک لەو وولاتانەی کە ئەمڕوکە لە زەمینەی  بەدی هێنان و بەکار بردن بنەما دیموکراتیەکان لە هەڵبژاردنی ئازادو تەندروست و هەڵبژاردنی سەرتاسەری و هەرێمی،دیموکراسی پەرلەمانی.چاپەمەنی و بلاوکراوەی ئازاد و تەحمول کردنی ڕاو بۆچوونە جیاوازەکان،توانیویەتی سەرکەوتنێکی بەرچاو بە دەست بهێنێت کۆماری هێندستانە کە ئەمڕوکە بە ولاتێکی گەورەی دیموکراسی دەناسرێت. هێندستان بەهۆی ئەو ئەزموونە پەنجاسالە کەهەیەتی لە دیموکراسی پەرلەمانیدا توانیویەتی لایەنی کەم لە هەندێ بواردا بەبێت بە نموونەیکی باش بۆ هەندێ لەولاتان بۆ نموونە هاولاتیانی هێندستان لە گەل بوونی تنوعی نەژادی و نەتەوەی و ئایینی وفیکری وکەلتووری و ڕێزگرتن لە بیروباوەر و بۆچوونی یەکتری بگەن بە جۆرێک لە سەباتی سیاسی  بۆ نموونە پرۆفیسۆر عبدللکلام کە لە کەمایەتیەکی موسلمانە دەبێت بە سەرۆک کۆماری ئەو وولاتە وە  دکتۆر من موهان سیغ کە لە

کەمایەتیەکی سیغە دەکریت بە سەرۆکی وەزیران لە گەل ئەوەشدا نەژادو مەزهەبی جۆراوجۆری هێندی پێکەوە دەژین و دەسەلاتی سیاسی وولآت بە ڕێزەوە گۆیڕایەلی دەنگو ڕەنگی هەمەلایەنە دەبێت. هێندستان پێش سالەکانی 1990 دەتوانین بلێین دووچاری قەیرانی ئابووری هاتەبووهەر چەندە ئەم ڕەووشە بە تەواوەتی بنبەڕ نەکراوە وە تابە ئێستاش دەگات کەسانێکی زۆر لە بارودۆخێکی نائارامی ئابووری دا دەژین بوویە هێندیەکان هەستان بە گۆڕینی سیستەمی سۆسیالیستی بۆ سیستەمی بازاری ئازاد ئەمەش بووە هۆی تا ڕادەیەکی زۆرگەشەسەندن و پەرەسەندنی ئابووری وڵات ئەم گۆڕانەش لە سەرەتای نەوەدەکاندا دەستی پێکرد.

ڕەوندی دیموکراسی و دامەزراوەیی سیاسی لە هێندستاندا:

لە ئەنجامی لێکۆلینەوە لە سیستەمی سیاسی لەم کیشوەرەدا ئەوە بەدەر دەکەوێت کە دووهەم وولآتە لە ڕووی ڕوبەرەوە لە هەمان کاتدا بە دووهەم وڵات دێت لە ڕووی ڕێژەی دانیشتوان لە جیهاندا کۆمەلگای ئەم وولآتە پێکهاتەوە لە جۆرەها مەزهەب ،نەژاد،کەلتوور،زمان،وە تەنانەت تەمەدونی جۆراوجۆر. ڕەوندی دیموکراسی لەم کیشوەرەدا بە شەوێک لە دایک نەبووە بەلْکو پێشینەیەکی مێژووی هەیەو وە ئەنجامی کارکردن و ماندوبوونێکی پەنجاودووسالەیە و بەرجەستە بوونی سیستەمی دیموکراسی لە هەر وولاتیکدا دەبێتە فاکتەری پێکهینانی دامەزراوەی دیموکراتی لە جۆری پەرلەمان ،سیستەنی حیزبی، چاپەمەنی و بلآوکراوەی ئازاد،وە معیارێکی بنچینەیی دیکەی دیموکراسی لە وڵاتێکی سەربەخۆ و ئازاد ئامادەیی هاولآتیانە لەبەردەم سەندوقەکانی دەنگداندا وبەشداری کردنیان لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان لە ڕێگای هەلْبژاردنەوە هێندیەکان پێش سەربەخۆیی بوون ئەو کات کە کۆلونیالی بەریتانیا بوون ڕێژەی بەشداری کردنیان لە پروسەی هەلْبژاردندا لە سەدا 60 بووە کە ئەمەش نیشاندەری ئامادە بوونی ئەوانە لە صحنەی سیاسەتدا.

ئاشنایەتییەکی گشتی لە مەڕ هێندستان:

هێندستان دەکەویتە باشووری کیشوەری ئاسیا لە زوبانی ئینگلیزی دا پێ دەلێن ( إیندیا) وە لە زوبانی سانسکریت دا ( بەهارات ورشا) پێ دەلێن ڕێژەی دانیشتوانی ئەم کیشوەرە بە پێ ئاماری سالی 2001 یەک ملیاردو بیست و حەوت میلیون دەبێت و زوبانی رەسمی ئەم وولآتە هێندیە و وە لە سەدا 30 دانیشتوانی بەم زوبانە دەئاخافن بەلام لە گەل ئەوەشدا لە دەستوورەکەیاندا 16 شانزدە زمانی دیکەی وەکو ئاسامی،بنگال،گجراتی،کانارائی،کشمیری،کوکانی،مالایالم،مانی پوری،نیپالی،اوریا،پنجابی،سانسکریت،سندی،تامیل،تلگواردو بە ڕەسمی ناسراوە. ئەم کیشوەرە لە سالی 1947 دا توانی سەربەخۆی بەدەست بەهێنێت خۆیان رزگار بکەن لە کۆلونیالی بەریتانیەکان وە هێندستان لە 28 هەرێم و حەوت ناوچەی یەکگرتوو پێک دێت وە لە سالی 2000 دا سێ هەرێمی دیکەی زیاد کرد بەمەش کۆی گشتی هەرێمەکان

بوو بە سی ویەک هەرێم گەورەترین هەرێم اورتاپرداش کە دانیشتوانەکەی سەدو چل میلیونە و بچوکترین هەرێم گوا کە دانیشتوانی500 هەزارە .

سیستەمی سیاسی هێندستان:

هێندستان دەوڵەتێکی کۆمارییە و سیستەمە سیاسیەکەی پەرلەمانییە،سەرۆک کۆمار بەرزترین دەسەڵات و پلەوپایەی وڵاتە وە دیاری کردنی سەرۆک بۆ هەر هەرێمێک لە دەسەلاتی ئەودایە. دەسەلاتی یاسادانان لە هێندستاندا لە دوو ئەنجوومەن پێک دێت
1) لوک سابا: واتە ئەنجوومەنی نۆینەران کە لە 545 ئەندام پێک دێت لە و ژمارەیە 530 یان ڕاستەوخۆ هاوڵاتیانی دانیشتوی نیۆ سی ویەک هەرێمەکە هەڵیاندەبژێرن وە سیانزەی دیکەیان لە کۆی حەوت فەرمانداربییەوە دێنە دیاری کردن و وە سەرۆک کۆمار بۆی هەیە دووان دەست نیشان بکات بۆ ئەو ئەنجوومەنە.
2) راجیا سابا : واتە ئەنجوومەنی سەنا کە لە 250 ئەندام پێک دێت 238 یان لە لایەن ئەنجوومەنی نیۆنەرانی هەرێمەکان بۆ ماوەی چوار سال هەڵدەبژێرن و ە سەرۆک کۆمار لەم حالەتەشدا دەسەڵاتی دانانی دوازدە ئەندامی هەیە بۆ نیۆ ئەنجوومەن، سەرۆک وەزیران سەرۆکی دەسەڵاتی جێ بەجێ کردنە سەرۆکایەتی کابینەی وەزیرانی دەوڵەت دەکات. هێندستان بەو پێکهاتە ئاڵوزیەی کە هەیەتی لە ڕووی جیاوازی ئایینی وکەلتووری و مەزهەبی وزمان وبیروباوەڕەوە توانیویانە لە ڕەوشێکی زۆر ئارام و ئاشتیدا پێکەوە بژین هەر چەندە ئەم شێوە پێکەوە بوونە فاکتەری جۆراوجۆری هەیە بەلام پێ دەچێت چوار چێوەیەکی یاسای یەکێک لە گرنگترین فاکتەرەکانی بێت لە بەر ئەوەی لە دەستووری ئەو وڵاتەدا کە لە سالی 1949 نوسراوەو چەسپاوە وە سالێک پاش واتە لە سالی 1950 هاتوەتە واری جێ بە جێ کردنەوە لەم دەستوورەدا هێچ مەزهەبێک وەک مەزهەبێکی فۆرمی وەلات نەناسراوە و سەرەڕای ئەوەش لە سەدا 80 ی هێندیەکان ئاییینیان هێندیە وە لە سەدا 12 تا15 ئایینی ئیسلامی یان هەیە کە گەورەترین کەمایەتی نیۆ وڵات پێک دەهێنن لە گەل ئەمشدا ئایین ومەزاهیبی دیکە هەن وەکو مەسیحیەت ،بۆدی،سیغ،جین و زەردەشتی.

سیستەمی هەڵبژاردنی هێندستان:

بێ گۆمان یەکێک لە بنەما بۆنیادیەکانی دیموکراسی لە هەر وڵاتێکدا پرۆسەی هەڵبژاردنێکی ئازادو بێ سانسۆر کە بە ڕەگی سیستەمی دیموکراسی دەژمێردرێت وە ئەم ڕەگە هەر چەند پاک و خاوێن و دوور بێت لە موزاعفات بێ شک کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر تەندروست بوونی سیستەنی سیاسی وە لەم نێوە ندەدا هێندستان قۆناغ و ئەزموونێکی سەرکەوتووی تێ پەڕاندەوە لە ممارەسەکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن و یەکەم و سەرەتاییترین هەڵبژاردن لە سالی 1952 بووە وە دوا هەڵبژاردن سالی 2004 بوو بۆیە هێندستان وڵاتێک بووە هەر لەسەرەتاوە مافی دەنگدان و مافی خۆپاڵاوتنی بۆ هەموو هاوڵاتیەک بە فۆرمی ناساندەوە و تاوەکو ئیستا سیازدە جار هەڵبژارەدنی

سەرتاسەری بۆ ئەنجوومەنی نیۆنەران لوک سابا کراوە ئەمە جگە لە هەڵبژاردەنە ناوچەیەکان کە لە هەرێمەکاندا دەکرێت. ڕەوندی دیموکراسی هێندستان لە ماوە درێژەدا تەنها بۆ دوو سال حالەتێکی ڕاوەستانی بەخۆوە بینی ئەویش لە نیوان سالانی 1975 بۆ 1977 لە سەردەمی سەرۆک وەزیرانی ئەوکات کە ئیندریاگاندی بوو هۆکارەکاشی ناکۆکی کەوتە بووە نێوان نەتەوە جیاوازەکانەوە بەلام ئەم بارودۆخە نەیتوانی بەردەوام بیت وئاگری ناکۆکی لەو ماوەیەدا کۆتایی پێ هات بەمەش جارێکی تر پروسەی دیموکراسی لە ولاتدا چووەوە سەر سکەی جارانی خۆی.

ئەحزاب و هێندستان:

وەک پێشتر ئامازەم پێ داکە سیستەمی سیاسی ئەم وڵاتە دیموکراسی پەرلەمانیە لەم شێوە سیستەمانەدانوێنەرەکان لە پەرلەمان یان بەشیۆەیەکی تر نوێنەرانی ئەحزابی سیاسی وڵات کە هاولاتیان دەنگیان بۆ دەدەن وە پەرلەمان کە نوێنەری پارتە سیاسیەکانە سەرۆک وەزیران و دەوڵەتی ئاینده پێک دەهێنن بەم جۆرە لە سیستەمە پەرلەمانیەکاندا ئەحزاب یان تەشکیلاتی حیزبی گرنگتر لەمەش بەرنامەی کاری سیاسی ئەحزابی جیاواز دەبنە یەکەم ئامرازی گفتۆگو کردن بۆ بەڕیوەبردنی دەسەڵات لە وڵاتدا. چالاکی سیاسی پارتەکان لەم کۆمەڵگایەدا دەگەڕیتەوە بۆ پێش سەربەخۆیی بوون بۆ نموونە پارتی کۆنگرە کە لە سالی 1885 دا هاتوەتە دامەزراندن هەر چەند ئەو کاتە سەرۆکی پارتی کۆنگرە کەسێکی ئینگلیزی بوو بە ناوی ئالن کە لەو سەردەمەدا بەڕیوەبەری کومپانیای هێندی شەرقی بوو بەڵام ئەم پارتە توانی یەکەم سەرۆکی کە کەسێکی بێگانە بوو بگۆڕیت وە ئەم جارە بە شێوەیەکی دیکە بێتە نیۆ گۆرەپانەکەوە وە وەک پارتێکی دەژ بە کۆلونیالی بەریتانی خۆی بناسێنیت و ڕۆڵیکی بەرچاوی هەبوو لە بەرجەستەبوونی سەربەخۆیی وڵاتدا ئەم پارتە توانی پاش سەربەخۆیی ڕۆڵیکی ئەساسی بەبینێت و بۆ ماوەی چوار دەیەش پێش سەربەخۆیی تاکە پارتی فەرمانڕەوای بوو وە پاش سەربەخۆییش بۆ ماوەی سی سال تاکە پارتی دەسەڵاتدار بوو لە صحنەی سیاسی وڵاتدا پارتی کۆنگرە نەک لە ئاستی گشتی دا دەسەڵاتدار بوو بگرە لە ئاستی ناوچە هەرێمەیەکانیشدا خاوەن دەسەڵات و جێ باوەرو خۆشەویستی هێندیەکان بوو. لە گرنگترین فاکتەرەکانی سەرکەوتنی پارتی کۆنگرە لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا بە هەردوو جۆرەکەی سەرتاسەری و ناوچەیی دەگەڕیتەوە بۆ: 1)
خۆشەویستی سەرۆکەکانی ئەم پارتە وەکو گاندی ، نهرو کە لە نێوان هاولاتیاندا هەیان بوو ئەویش بە حوکمی ئەو دەورو خەباتەی کە نواندەبوویان بۆ سەربەخۆیی بوونی هێندستان. 2) ئاراستە کردنی
سیاسەتێکی دور لە دەمارگیری مەزهەبی و ڕێزگرتن و گرنگی دان بە جەماوەر. 3 ) فەرمانڕەوای کردنی حکومەت و مومارەسەکردنی دەسەڵاتی سیاسی بە ئاراستەکراوێکی گۆنجاو پۆزەتێڤ. 4)
بە دەزگای کردنی حیزب لە سەرتاسەری وڵاتدا بە شێوەیەک کە ئەم پارتە تەنانەت لە

ئاست گۆندەکان دا پەیوەندیەکی زۆر توکمەی هەبوو لە گەل هاولآتیاندا. ئەحزاب لە هێندستاندا دەبێتە دوو بەش : یەکەم پارتە گشتیەکان بەو پارتانە دەوترێت وەکو پارتی کۆنگرە ،پارتی بهاراتیاجاناتا، وپارتی کۆمەنیستی هتد چالآکی ئەم پارتانە گشتگیرەو تایبەت نیە بە ناوچە و هەرێمێکی دیاری کراو دووەم: پارتە ناوچەیەکان کە بەو پارتانە دەوترێت کە ناوچەی چالآکیان کورت کراوەتەوە لە ناوچەیەکدا. هەر چەندە سیاسەتوان و شی کەرەوانی هێندستان خۆازیاری ئەوەن کە سیستەمی سیاسی دیموکراتی ولآت لە و ئاستەی کە ئیستا تێدایە فراوانتر بکرێت بە شێوەیەک کە دیموکراسی تر بێت وەهەروها بەشدار بوونی سیاسی زیاتر بێت لەوەی کە ئیستا هەیە و هەنگاوەکان زیاتر بەرەو دیموکراسی ڕوژئاوا بنرێت. ئەمڕوکە هێندستان توانیویەتی ئەزموونێکی سەرکەوتووی دیموکراسی پێشکەش بە هاولآتیانی خۆی بکات سەرەڕای بوونی گرفتی ئابووری و ڕێژەی زۆر بوونی دانیشتوان. هێندستان ئەمڕوکە بە ولآتی تەساموحی ئایینی و کۆمەلایەتی و سیاسی ونەژادی ناسراوە بە هۆی ئەو پێکهاتەییەی کە هەیەتی بیل کلینتون سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سەردەمی سەرۆکایەتی خۆیدا لە سەردانێکیدا بۆ هێندستان وتارێکی پێشکەش کرد لە ئەنجوومەنی نۆینەرانی ئەو ولآتەدا لە وتارەکەیدا سەرسوڕمانی پێشاندا بەو پێکەوە ژیانەی هاولآتیانی ئەم ولآتە و وە بە ولآتێکی سەرکەوتوو لە سیستەمی دیموکراسی و تەساموحی پێکەوە ژیانی هەموو چین و توێژەکانی نیۆ هێندستان بە جیاوازی ئایینی،نەتەوەیی، نەژادی ،مەزهەبی کەلتووری ناوزەد کرد.